## شووکردن ... قوربانیدانه ... زیندانیبوونه

ڕێپۆرتاژی: دایکی مێرخاس

# دابڕانی کچان له خوێندنگا واته ونکردنی تواناو دەسەڵات

دابرانــی کچ بەهــەر بیانوێك لــە خوێندنگا وەك کەوتنــە نێو زەلکاوی شــەرمەزاریو ونکردنی تواناو دەسەڵاتی خۆیەتی لە داهاتوودا، چەندین خوێندکار کچ لە قۆناغە جیا جیاکانی خوێندندا دوای برینی ڕێگایەکــی پڕ لــە هەورازو نشــێو، هەرچــی هێزو توانــای هەیانــە ئەیکەن بە قوربانی حەزو ســێکس لــە هەڵوەشــانەوە بــەرەو داکشــان ملــی ڕێگایەکی تاریــكو پڕ لــە توندوتیژی ئەگرنەبــەر، لە دونیای ئەمرۆدا دورکەوتنەوە لە قوتابخانە وەك کارەساتێکی مەزنە، نەخاسمە زیندانێك دروستئەکات بۆ ڕەگەزی مێ هــەروا لە نێو بردنــی ئەفراندنو ڕژێمی پیاو ســالاری بەهێزتر دەکات، بــەرای من هەر کچێك بیر لە شــوکردن بکاتەوە لە هــەر قۆناغێکــی خوێندن گەورەترین خیانەت لە ژیانی خۆی ئەکاتو دۆرانێکی رووتو پڕ لە شــەرمەزاریە بۆ خۆی، گەرەکە ئێمەی ژن هەوڵی زیاتر بدەین بۆ ریشەکێشــکردنی دیاردەی نەخوێنــدەواری، تــا ئاشــنابین بــە کۆمەڵگەیەکی مەدەنــیو جیهانێکــی تــازە، تێگەیشــتنو هەبونی زانیاری بە ئاگامان دێنێ لە ڕەوشی ژیانو کێشەکانی ئابووریو بێکاریو هەژاریــش بنــبڕ دەکات، بۆیە ناکــرێ چیتر فێربوونو داهێنــان بکەین بە قوربانی شــووکردن، بۆچی ژنان خۆیان لە ڕێکخســتنی ماڵو پــەروەردەی منداڵ بــە تەنها بدۆزنەوە لە شــێوەی دایکێکی کلاســیكو ڕەگەزی نێر وەك کالایەك لێمان بڕوانــن، بۆ لــە بەرامبەر پیــاوان بــە دەنگی بەرز قســەنەکەین، یاخود لە پێگەیەکی بــەرز جێگەمان دیــارو بەرچاو نەبێت، لە جیاتی بە ژنێکی شــەرمن ناومــان بێنــن بۆ بە کەڵــە ژنێك ناومــان نەهێنن، تاکــەی وەکو ژنانی دوێنێ هەموو شــتەکان لە ناخی خۆمــان خۆمانی پــێ ئــازار بدەین، لــە قۆناغێکی ئــاوا شــوکردن لە راموســانێکی ســارد دەچێت وەك دەرمانــە ئارامبەخشــەکان لە هۆش خۆمــان ئەبات، ماوەیەکی کەم ئیدی نەزانینو پاشــکەوتنو لاوازیو بــێ متمانەیــی پەخەمان تونــد ئەگرێو هەناســە هەلکێشانیش هیچی بۆ ناکرێ.

### ژیان بە ئاواتەوە خۆشە

بەر لە هەر شتێك دەڵێم:" ژیان بە ئاواتەوە خۆشە، ئەگــەر هەر مرۆڤێك چ ژن چ پیــاو ئاواتی نەبوو لە ژیاندا دنیاکــەی تەنگو نا هەموارە، بەتایبەتیش بۆ ئێمەی ژن ژیان ئەستەمە، لەوەتەی شووم کردوە ژیانم وەك زیندانێکی لێهاتووە". ئەمە قســەکانی (ســاکار محەمــەد) بوو، کە یەکێکە لەو ژنانە چەند ســاڵێکە مــێردی کردووەو وازی لــە خوێندن هێناوە، ئێســتا ئەو پەشــیمان بۆتەوەو دەڵێت:" هەرچەندە لەرووی مادد‌ییــەوە هیچ گرفتێکم نیە، بەڵام هەموو شــتێك هەر ماددە نیە، دابرانم بەهۆی شوکردن لە خوێندنگا ژیــانم بۆتە دۆزەخێك، ئەوەی ئێســتا ئەزانم، ئەگەر پێشــوتر دەمزانی، مێردو ماڵو سامانی ئەم دونیایەم ئەکرد بەقوربانی یەك وشەی قوتابخانە".

### ئاگرم لە ژیانی خۆم بەردا

(لانــە جەمال)یش یەکێکە لەو ژنانەی کە وازی لە خوێندن هێناوەو شــوویکردووە، ئامــاژە بەوەدەکات ئــەو کاتانەی خوێنــدکار بووە زۆر بــاوەری بەخۆی هەبــووەو دەڵێ:" تــا خوێندکار بووم لــە قوتابخانە خاوەنی کەسایەتی خۆم بوم، وەك باوەر بە خۆبوون، هەرچی کێشەیە نەمدەزانی یانی چی، بە تەنها لەگەڵ

هاوڕێکانم جموجۆڵی جوانو بە شێوەیەکی ساکار دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیو حەزو ئارەزو سەیری ئاسۆیەکی گەشمان ئەکرد". هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا بۆ کوێستان پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە هەڵخەڵەتاوەو ئێستا لەناو چواری دیواریماڵێکدا ژیان دەکاتو بەوە وەسفی دەکات کە بەدەستی خۆی ئاگری لە ژیانی خۆی بەردابێت:" بە داخەوە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم هەڵخەڵەتامو شوومکرد. زۆر باش هەست بەوە دەکەم کە لە نێو بازنەیەکی داخراوو چوار دیواری ماڵێك ئەخولێمەوە، دابڕانو دووركەوتنەوەم لە خوێندنگا هەروەك ئەوە وایە بە دەستی خۆم ئاگرم لە ژیانی خۆم بەردابێت".

## شوومکرد، ژەهری مارم خواردەوە

(جەیلان فارس) ساتەکاتی قوتابخانە بە خۆشترین کاتی ژیانی دەدادەنێتو شووكردنیش بە ژەهرە خواردنەوە دەچوێنێتو دەڵێت:" لە پۆلی سێیەمی ناوەندی تەمەنم شازدە ساڵ بوو کە شووم کرد، ئەم شووکردنەم وەك ژەهری مارم خواردبێتەوە پێم ئاوایە". زۆربەی ئەو کچانەی شوو ئەکەن لە قۆناغی خوێندن، زوو پەشیمانی دایاندەگرێو وەك جەیلان دوای هەفتەیەك لەگواستنەوەی دەستدەکات بە گریان بۆ ڕۆژەکانی قوتابخانەو دەڵێ:" پەلەم کردو ئێستاش هەر چەندە پەشیمانم، بەڵام پەشیمانیبوونم هیچ مانایەکی نیە. ئەزانی ژیانی قوتابخانە وەك باخچەیەکی پڕ لە گوڵو گوڵزارە، بەبیرم دێت بەردەوام زەردەخەنە لەسەر لێوانم بوو، مانای دڵتەنگیو پەشۆکاویم نەدەزانی، باوەڕ بکە یەك هەفتە دوای شووکردنم یەکسەر پەشیمانی گریاندمی بۆ ئەو کاتانەی لەگەڵ برادەرو هاوڕێکانم ڕێگای قوتابخانەمان ئەبڕیو لە پۆل زانیاری و بەهرەی تازەمان پێئەدرا".

## پەلە مەکەن لە شووکردن

(سروشت نورەدین) بەوە قسەکانی دەست پێکرد بۆ گۆڤاری کوێستان، کە ئامۆژگاری ئەو خوێندکارانە دەکات کە شوونەکەن تا خوێندن تەواو نەکەن، چونکە باس لەو شووکردنەی خۆی دەکات، کە چۆن بەڵێنی پێدراوە لەلایەن مێردەکەیەوە، بەڵام دوای سێ مانگ لە قوتابخانە دووری ئەخاتەوەو دەڵێت:"ئامۆژگاری هەموو خوێندکارێکی کچ ئەکەم تا قوتابخانە تەواودەکەن بیر لە هەر شتێك بکەنەوە ئازادن، بەتەنها بیر لە شووکردن نەکەنەوە، ئەو کەسەی من شووم پێکرد منی هەڵخەڵەتاندو پێیوتم: بەڵێن بێت شووم پێبکە هەرگیز ڕێگای قوتابخانەت لێناگرم، ئەبێ بەردەوام بیت لەسەر خوێندن، تۆش واز لە خوێندن بێنیتو من قەبوڵی ناکەم، کەچی دوای سێ مانگ گواستنەوەم بە هەنجەتی



جۆراو جۆر ڕێگای لێگرتمو لە قوتابخانە دووری خستمەوە". ئەو لەکۆتایی قسەکانیدا ئەوە بە خوێندکاران دەڵێ کە پەلە نەکەن لە شووکردنو دەڵێ:"پەلە مەکەن لە شووکردن، تا وەك من تووشی خەمو ئازارو مەینەتیو ماڵ وێرانی نەبن".

## دەرفەتی خوێندن کەم دەکاتەوە

(تاڤگە قادر) دوو ساڵە شووی کردووە، پێیوایە دەرفەتی خوێندن لەبەر کارەکانی ماڵەوە کەمدەکاتەوە، ئاماژە بەوەدەکات کە دوور نییە لە بەر زۆری سەرقاڵیو دواکەوتنی لە خوێندن واز لە خوێندن بێنێت :"من دوو ساڵە شووم کردوەو بەردەوامیشم لە خوێندن، بەڵام پەشیمانم لەم شوو کردنە، لەوەتەی شووم کردوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەرکم زیاد ئەبێتو جگە لەوەی پاشکەوتنم پێوە دیارە لە خوێندن، چونکە دەرفەتم کەم بۆتەوە، بەراستی پێراناگەم وەکو پێویست ئەو ئەرکانەی لە قوتابخانە پێم ئەدرێن جێبەجێیان بکەم، کارکردنی ماڵ تەواو کاری کردۆتە سەر خوێندنەکەم، ئەگەر کار وا بڕوا دوور نیە واز لە قوتابخانە بێنم".

## دوو دڵی بەرۆکی گرتووم

(لاڤە عوسمان) چەند مانگێکە مارەکراوەو دووڵی بەرۆکی گرتووە، چونکە ئاماژە بەوەدەدات کە بەختیاری مرۆڤ کەمدەکاتەوەو وادەکات حەزو ئارەزووی خوێندنت ناهێڵێت، ئەو هۆکاری شووکردنەکەی ئاشکرا ناکاتو بەدەست خۆی نیەو ناچارە شووبکاتو دەڵێت :"پۆلی سێیەمی ناوەندیم ماوەیەکە مارەکراوم، هێشتا نەگوازراومەتەوە، هەر لە ئێستا دوو دڵی بەرۆکی گرتووم، باوەرم وایە هەرکە گوازرامەوە پەیوەندی منو قوتابخانە ئەپچڕێ، هەرچەندە دەستگیرانەکەمو دایك و باوکی دەڵێن دەبێ لە قوتابخانەو خوێندن بەردەوام بیت، ئینجا من نازانم چی بکەم، بە ڕای من شوو کردن لەو تەمەنەو لە قوتابخانە دەرگای بەختیاری لەسەر مرۆڤ دائەخرێو تەنها ڕەنجەڕۆیی ڕووبەڕووم ئەبێتەوە، پاشەکشەکردنە لە حەزو ئارەزوو خوێندن، شووکردنیشم ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە بەدەست خۆم نینو ناچارم".

## زەنگی شەرمو عەیبە

(جیران بەهرۆز) تەمەنی پانزە ساڵەو دوومانگ نیو دەبێ مارەکراوە، بەگومانەوە ئەڕوانێتە شووکردنەکەی، چونکە پەنجە دەخاتە سەر ئەو ئەگەرانەی کە لە داهاتوودا دەبنە ڕاستی وەك تەسکبوونەوەی ئازادی، زەنگی شەرمەو عەیبەو لەدەستچوونی قوتابخانەو دەڵێت:"پۆلی دووەمی ناوەندیمو سێ مانگ تێئەپەڕێ لەسەر مارە کردنم، هەر لە ئێستاوە زەنگی شەرمو عەیبە لە گوێچکەم ئەزرەنگێتەوە، ئەو ئازادیەی بەر لە مارە کردنم هەبوو ئەوەتا وردە وردە لەدەستم ئەڕوات، گومانی ئەوەم هەیە قوتابخانەم بۆ تەواو



ناکرێت، ئەوەی ڕاستیبێت پابەندبوونی ئەو کەسەی کە لێی مارە کراوم بە داب‌ونەریتی ڕزیوی کۆمەڵگا خەریکە بەسەرمدا ئەسەپێنێ". جیران سەرەتایی پەشیمانبوونەوەی پێوە دیارەو ژیانی داهاتووی خۆی بە نادیار وەسفدەکاتو ئامۆژگاری کچە خوێندکارەکان دەکات کە شوونەکەن تا لە قوتابخانە بە تەواوی دەردەچنو دەڵێ:"ژیانی داهاتوشم نازانم چۆن ئەبێو بە کوێ ئەگەم، ئامۆژگاریم بۆ هەموو خوێندکارە کچەکان کە لە هەر قۆناغێك بن تا خوێندنیان تەواو نەکەن، بەهیچ شێوەیەك بیر لە شووکردن نەکەنەوە تا وەك من توشی دڵەڕاوکێو پەشیمانی نەبن".

## بڕوانامە زۆر پیرۆزترە لە شووکردن

(میدیا.عەبدوڵڵا ) کە چەند ساڵێکە شووی کردووە، پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات کە پەشیمانە، کە ژنی بێ بڕوانامە وەك کارەکەرێك وایە کە دەبێ بیستو چوار سەعات لە خزمەتی مێردەکەی دابێتو ئەو بڕوانامەی زۆر پیرۆزترە لە شووکردنو دەڵێت:" پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم کە شووم کرد، شووکردن دایبڕاندم لە خوێندنو ئێستا کە بیر دەکەمەوە وا ئەزانم گەورەترین هەڵەم کردوە لە ژیانم، چونکە بڕوانامە وەرگرتن زۆر پیرۆزترە لە شووکرنو هەر بڕوانامە دوا ڕۆژی مرۆڤ گەشدەکات نەك شووکردن، بەنەزەری من ژنی بێ بڕوانامەو بێ دەوام وەك کارەکەرێك وایە لەناو چوار دیواری ماڵەوە، بیستو چوار کاتژمێر



ئەبێ لە خزمەتـــی مێردو ماڵەوە بێت، بە نواندنی هەستو دڵسۆزیو لاواندنەوەی بۆ مـــێرد بەردەوام بێت، نەوەك دڵی برەنجێو سڵ بێت، تا ئافرەتیش خاوەنی بڕوانامەی خۆی نەبێت، نابێتە خاوەنی ئابووریەکی سـەربەخۆو هەر ژێـــر دەســـتەی پیاوان ئەمێنێتەوە".

## کچان پەلە دەکەن لە بڕیاردان

بەپێـــی قســـەکانی (ناســـکە محەمـــەد) توێژەری کۆمەڵایەتی، شـــووکردنی کچانی خوێندنگـــا دەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ چەنـــد هۆکارێکی سەرەکیو دەڵێت:" کچانی ئێمە لەبڕیاردەن زۆر پەلەدەکەن، وادەزانن هەر ئـــەو کورە ژیانـــی ئەوان خۆشـــتر دەکات، کەچـــی نازانـــنو لەدوایيـــدا پەشـــیمان دەبنەوە، چونکە ئـــەو بەڵێنەو پەیمانەی بە کچەکە دەدات ناگەیێنێتە سەر، چونکە دابو نەریـــتو لایەنـــی ئابـــووری زاڵە لە ژیانیانـــدا وا دەکات کچەکە واز لەخوێندن بێنێـــت". ئەو توێژە کۆمەڵاتییە ئاماژە بە هۆکارێکی تر دەکاتو دەڵێت:" زۆربەی ئەو کچانەی شوودەکەن، لە لایەن هاوڕێکانیان هەڵدەخەڵەتێنرێنو وایـــان لێدەکەن، کە شـــوو بکەن ژیانیان خۆشـــتر دەبێ، بەڵام هـــەر کە شـــوویانکردو لـــە ڕۆژانی مانگی هەنگوینی پەشـــیمانبوونەوە دایاندەگرێ، هەروەهـــا وادەزانـــن کـــە لەمـــاڵی خۆیان دەرچوون، چوون بـــۆ ماڵێکی تر ژیانێکی تر بەســـەردەبەن، بەڵام ئەوەش نازانن کە لەوێدا دەبنە خاوەن بەرپرسیاریەتی ژنو مێردایەتیو دواتـــر دایکایەتیو کارەکانی ماڵـــەوە". هەروەها ناســـکە محەمەد کە بۆ چەند ساڵێکە کاری توێژەری کۆمەڵایەتیە ئاماژە بەهۆکارێکی تـــر دەکات کە پاڵ بە کچانی خوێندنگا ئەنێت زوو شوو بکەنو دەڵێـــت:" جاری واهەیە کچێـــك لە ماڵێك دەژیـــت کە زۆر ناخۆشـــە، یاخود هەبووە لەلایـــەن زردایکەکـــەی یـــان براژنەکانی، زۆر کاری لەســـەر دەکرێت کە شـــووبکات، چونکـــە ژینگەیەکی وا توندو ناخۆشـــیان بۆ خوڵقاندووە کە تەنیا بیر لە شووکردن بکاتـــەوەو بۆ ئەوەی لەو ماڵە دەرباز بێت، یان هەیە لـــە تەمەنێکی زۆر بچووکدا بە زۆر بە شووویانداوە ".